# کۆمەڵگایەک لە ئاژاوە

## قســـــەیــەك لــەســـــەر دۆخـــی عـێراق

**نووسینی/ هۆشیاری عەبدولعەزیز**



زەحمەتە بتوانین بەشێوەیەکی سیستماتیکی و بابەتیانە ماناکانی ئـاژاوەو جـۆر و فۆرمـە گـشتییەکانی بـەوردی و هەمەلایەنـە دەستنیشان کەین چونکە ئاژاوە وەك بابەت و مەسـەلەیەك بۆخۆی دیاردەیەکی بەرفراوان و ئاڵۆزەو لە سروشتەوە دەست پـێ دەکات و لـەنێو گێرمـەو کێـشەی کۆمـەڵگادا و لەسـەر ئاسـتی گـشتی بڵاودەبێتـەوە. ئـاژاوە لەسروشـتدا خـۆی لـە شـێوەی بومەلـەرزەو بورکان و لافاو سەرلێشێوانی خەڵکدا دەبینێتەوە و دەبێتە هۆکار لە ئاڵۆز کردنی ژیانـدا.زۆرجار بـاو بارانێك ئاژاوەیـەك بـۆ کۆمەڵگایـەك دەنێتـەوە هـەزاران کـەس دەبنـە قوربـانی و هـەزارانیش سـەرگەردان و ئـاوارە دەبـێ.سـەدانیش بەدەسـت پاشماوەکانیـەوە دەنـاڵێنن و ئاسەواری لەسەریان دەمێنێ.

لەپەیوەندیـە گـشتیەکانی کۆمەڵگاشـدا زۆرجـار ئـاژاوە لەسـەر خـەتێکی لاوەکیـەوە سـەرهەڵدەدات و لەفۆرمی لێدان و ئیهانەو شکاندنەوەی بەرامبەرەوە تا دەگاتە کوشتن و لـەنێو بردنـی کۆگـەلی و ئـاوارە کردندا گەشە دەکات و گەورە دەبێ بە پێچەوانەی ئاژاوەکانی سروشتەوە فۆرمێکی دەزگای سیستماتیکی دەگرێتە خۆی و ئینسانەکان تیایدا ڕۆڵ دەبینن.واتا ئـاژاوە لەسـەر ئاسـتی کۆمـەڵگاو لـە چوار چێوەی بازنەی فۆرمە جیاوازەکاندا بۆخۆی بەشێکە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایـەتی و زەحمەتـە کۆمەڵگایـەك هەبێ جۆرێك لە ئاژاوەی تیادا نەبێ.هیچ هێزێکی دیاری کراوی کۆمەڵایەتیش نییە هەڵگری بەشێك لە ئـاژاوە نـەبێت بەمـەش و بـە دیـد و تێڕوانینـی زۆر لـە بیریـاران ئـاژاوەو فـۆرمی ئـاژاوە لـە پێکهاتـەی کۆمـەڵگادا تـوخم و ڕەگـەزی تایبـەتی خـۆی هەیـە و هـەڵگری چـەندان هۆکـار و فاکتـەری بنەڕەتیـە لەدروستبووندا.هەر بۆیەش دەبینین لە زۆربەی زۆری کۆمەڵگاکانی ئەم جیهانە بەرینەدا ئاژاوە بوەتـە بەشـێك لـە خوێندنـەوەکان و شـرقەکان و بـەردەوام قـسەی لەسـەر دەکـرێ بـەڵام هەریەکـەو بـەپێی قەبارەی خۆی.

هەندێك پێیان وایە مێژووی سەرهەڵدانی ئاژاوەی سیستماتیکی کۆمەڵایـەتی سیسی دەگەڕشـێتەوە بـۆ سـەرەتاکانی سـەدەی هەژدەیـەم و ئـەو ململانـێ و کێـشمە کـێش و تەنگەژانـەی کـە لـە ئەسـیناوە سەرهەڵدەداو وەك گوتارێك دەگوێزرێتەوە بۆ ڕۆژئاواو ئەمـەریکاو تـا سـەربەخۆیی ئەمـەریکا لـە ساڵی (1776)و شۆڕشـی فەرەنـسا لـە سـاڵی (1789)و ئـەو تەنگـەژەو قەیرانانـەی کـە کیـشوەرەکەی گرتبووەوە،بەڵام بەجیا لەم دید و تێڕوانینە مێژووی ئاژاوە وەك سەرەتا ئاماژەم پێدا بۆخـۆی زیـاد لـە توخم و ڕەگەزێکی ناجێگیری گرتۆتە خۆی و بەچەندین هێڵی جیاوازدا گوزەری کـردوەو لەبەرانبـەردا بۆتە جێی تێڕامان و هەڵوێستە لەسەر کردن. زۆر لە مێژوو ناسان ئـەم سـەرەتا مێژوویـەی ئـاژاوە لـە

کەڵچەری کلتورە دێرینەکانەوە دەست پێدەکات و کۆتایەکەی نادیارە.دەشێت لەو دەست پێکەوە کە دەبێتە زادەی بەرجەستە بوونی ڕێسانس شەپۆلێك لە ناسەقامگیری و بەرژەوەند خوازی کۆمەلأیەتی بەرهەم بهێنێت و بەشێوەیەك لەشێوەکان ببێتە فاکتەری سەرهەڵدانی مێژووی بالأدەستی و مۆنۆپۆلی سیاسی و کۆمەلأیەتی کەلەهەناویدا جۆرێك لەکاردانەوەو توند و تیژی بخولقێ.

ئەم توخم و ڕەگەزە لەو کۆمەڵگایانەدا لەدایك دەبن کە ئاژاوە بۆخۆی لە کەڵچەری کلتوریاندا بوونی هەیەو بەردەوام کار لەسەر پنت و بنەماکانی دەکرێت.خاڵی بنەڕەتی لەم خوێندنەوەیەدا ئەوەیە کە ئاژاوە لەسەرەتاکانی گەشەی سروشتەوە تەحویل دەبێ بۆ جۆرێك لە ئاژاوەی ئەتنی و مەدەنی.کە یەکەمیان لەچەند سەدەی ڕابردوودا گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆە دیوە و دووەمیشیان بەدوای ئەودا لەگەشەدایە.بەلأم هەردوو ئەو دوو جۆرە لە ئاژاوەیە هیچکات هێڵی ڕاستیان لەبەر نەگرتووەو بەپێچەوانە وەك توخم و ڕەگەزێکی بزەوت لەجوڵەو گۆڕاندا بوونە و بەردەوام هەڵبەزو دابەزیان کردووە لەسەر ئاستی گشتی و .....هتد.ئەوە مەسەلەیەکی ناڕۆشن و پڕ گرێ و گۆڵە چونکە دەبینین لە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگاکاندا هێشتا ئەم چەمکە بەشێوەیەکی بابەتی لەسەر بنەما ئەتنیکیەکان تەفعیل دەکرێت و هۆکارە لەناساندنەوەی مێژوو کلتوردا.بەتایبەتی لەنێو پێکهاتە کۆمەلأیەتی و ئابووریەکانی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستدا کە بەبایەخەوە هەنگاوی لەسەر دەنرێت و جێی مەترسیە لەسەر ئاستی گشتی کۆمەڵگاو گەر وردبیتەوە دەبینی هێندە کۆنکرێتیانە کاری لەسەر دەکرێت تا ئەندازەی بەرجەستە بوونی فاشیەت و ئەو توخم و ڕەگەزانەی کە هەڵگری ئەو ڤایرۆسەن.

بونیادنانی سیستەمی گشتی لەگەشەی کۆمەلأیەتیدا لەسەر بنەمای ئەتنی و دینی و تایفەگەری هێندەی تر ئەم چەمکە گەشەپێدەدات و پایەکانی قایم دەکات تا ئەو جێگایەی کە دەشێ دواجار ببێتە هۆکاری لەبەریەك ترازان و هەڵوەشاندنەوەی ئەخلاقی سیاسی و کۆمەلأیەتی کۆمەڵگاو کوشت و بڕو جینۆساید و ڕەشەکوژی لێ بکەوێتەوە.

## (ئاژاوەو کلتوری عەرەبی)

بۆئەوەی ڕەوشی ئاژاوەی کۆمەلأیەتی لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئایندا ببینین دەبێ لە کلتوری عەرەبیەوە دەست پێبکەین.چونکە دەقە ئاینیەکان لەپێکهاتەیاندا کارلێکی کلتوری هەیە بەبێ وردبونەوە لەو کارلێکە ناتوانین بەشێوەیەکی بابەتیانە دەستنیشانی ئەو پانتایە بکەین کە تیایدا ئاژاوە بەمانا گشتیەکەی بەرجەستە دەبێ و دەبێتە فاکتۆری سەرهەڵدانی خودی ئاژاوەو لەو دۆخەشدا زمانی ڕۆژانەی خەڵك پڕە لە ئاژاوە،ئەم زمانە وادەکات پێکهاتەی گشتی کۆمەڵگا توشی جۆرێك لە هستریابن.دەرباز بوون لەمەش وەك لەسەردەمی گەشەی خێڵەکانی عەرەبدا بەدی دەکرێت پەنابردنە بۆ ئاژاوەگێڕی و ترس و تۆقاندن و یەکتر شکاندنەوەو داگیرکاری.لە چوارچێوە کلتوریەکەشدا ئەم حاڵەتە بۆخۆی ببوە حاڵەتێکی بەردەوام و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەشەی دەکرد و ڕەنگدانەوەو کاریگەری خۆی بەجێ دەهێلأ.

بەر لە هاتن و پەیدابوونی ئاینی ئیسلام.زۆربەی زۆری خێڵە کۆچەریەکانی عەرەب کە خەڵکێکی نەخوێندەوارو سەرەتایی بوون و لە ڕەوش وهەلومەرجێکی داخراوی کۆمەلأیەتی خێلأیەتی دا دەژیان و جگە لەبەرو بوومی خۆماڵی نەبێ شتێکی تریان نەبوو.بنەماکانی بەرجەستە بوونی ئەم

بەروبومەش مەڕومالاَت و بەرهەمی  ئابووری سەرەتای بوون و نەیدەتوانی بەشێوەیەك لە شێوەكان ژیانیان دابین كات.هەربۆیە زۆر لەو خێڵە عەرەبانە بەمەبەستی بەدەستهێنانی داهاتی زیاتر پەنایان دەبردە بەر ڕاوڕووت و بەزەبری ترساندن و شمشێر و داگیركاری داهاتی زیاتریان بەدەست دەهێناو ببوونە نەریتێكی بۆماوەی لەجەستەی خودی كلتوری عەرەبیدا.وەك لەمەقولەیەكی عەلی كوڕی ئەبوتالیب یشدا دیارە كە دەڵێ(القران خط مسطور بین دفتین لاینطق.انما یتكلم بە الرجال) واتا قورئان ئەو كتێبەیە كە قسە ناكات و بەپێچەوانە پیاوان قسەی پێوە دەكەن و دەلالەتە كە ڕەنگدانەوەی كلتوری عەرەبی چەند كاریگەری بەسەر چۆنێتی بەكارهێنانی دەقە ئاینیەكانیشەوە هەیە.بەهەرحاڵ دەمارگیری خێڵەكانی عەرەبی بەردەوامی بە ئاژاوەو ڕەوشتێكی ئاژاوە گێڕی داوە ئیبن خەلدون پێی وایە ئەو حاڵەتە پەیوەستە بە دەمارگیری خێلاَیەتیەوە لە چوارچێوەی خێڵێكی پەرە گیردا  كە جگە لەخۆیان كەسی تر بەشایستەی ژیان نازانن و تەنها پێناسەشیان بۆ ژیان ئەو بوقعە دیاری كراوەیە كە خۆیانی تێدان.دیارە هۆكاری ئەوەشە كە خێڵە عەرەبە داخراوەكان بەردەوام و بەدرێژایی ساڵ سەرقاڵی پەلامار و كوشت و بڕو ئاژاوەگێڕی بوونە.زۆر لە مێژوو نوسانی ئەو سەردەمەی عەرەبی پێیان وایە شەرعیەدان بەتاك دەسەلاَت و خۆ بەپیرۆز و تەقدیس زانینی عەرەب لێرەوە سەرچاوەی گرتووە و وەك میراتیەكی مێژووی ماوەتەوە بۆ كلتوری عەرەبی و ئەو پێكهاتەیەی كە دواتر و لەسەردەمی ئەبولعەباسی سەفاحدا كاری لەسەر كراوە ،.شەڕو ئاژاوەی (ئەلبەسوس)كە لەسەر كلك بڕینی حوشترێك لەنێوان هەردوو خێڵی بەكر و تەغلوب دا ڕوویدا نزیكەی چل ساڵی خایاندوو هەزاران كەسیان لەیەك كوشت. لەڕەوش و هەلومەرجێكی ئاوا پڕ لەگرێ و گۆڵ وململانێ و كێشمەكێشدا و لە نێو كەلتورێكی ئاوا گرێ دراوی پڕ لەترس و تۆقاندن و ئاژاوەگێڕی دا ئیسلام وەك ئاینێكی نوێ سەرهەڵدەدات و دەبێتە فاكتەری كۆكردنەوەو یەكخستنی تەواوی ئەو مەیلە ئاژاوەگێڕیانەی كەلەڕابردوودا و لەنێو خێڵە جیاجیاكانی عەرەبدا مومارەسە كرا.

ئەم ئاینە نوێیە بەچەند قۆناغێكی جیاجیادا تێپەڕیوە و لەهەریەك لەو قۆناغانەشدا بەجۆر و شێوازێك مامەڵەی كردووە و لە هەندێكیاندا نەرم و بابەتیانەو لەبەشێكی تریشدا توندوتیژی و پڕ گێرمە و كێشە خۆی نواندووە.

بەتایبەتی ئەوكاتەی كە ئەم ئاینە كەوتە گەشەكردن و پایەكانی خۆی قایم كرد.مەسەلەی توندوتیژی و ئاژاوەگێڕی كۆمەلاَیەتی و ئابوری زیاتر چەكەرەی كردوو گەورە بوو.بەتایبەت لەو دۆخەدا كە بەئیسلام كردن لەڕێگەی ئارەزووی تاكە كەسیەوە گۆڕدرا بۆ بەزۆر بە ئیسلام كردن و تالاَنی و شێواندنی ڕەوشی كۆمەلاَیەتی و ئابوری ئەوانەی بەزۆر دەكرانە ئیسلام.كە ئەمەش دیسان كاریگەری كلتوری عەرەبی بەسەریدا زاڵ بووە و هەر ئەوەیش وای كردووە زۆر لە ئایەتەكانی قورئان كە بەئایەتی (مەدینە)ناسراون ببنە هاندەری توندوتیژی و ئاژاوەگێڕی(وما لنا الانقاتل في سبیل الله وقد اخرجنا في دیارنا وابنائنا)سورەی بەقەرە ئایەتی(246)-(فلا تنهوا او تدعوا الی السلم وانتم الا علون والله معكم ولكن یتركم اعمالكم)سورەتی محەمەد ئایەتی(35)ئەمانەو زۆری تریش درێژكراوەی ئەو كلتورە پڕ لە ئاژاوە گێڕیە كە دواتریش لەسەردەمی خەلافەتەكانی ئیسلامدا درێژكرانەوەو بووەبووە یەكێك لە سترۆكتۆرەكانی  پانتای كاركردەی عەقڵی دەسەلاَتداریێتی عەرەب.

مەیلێکی دیکە کە چەمکی ئاژاوە وەك قۆناغێك لە قۆناغەکانی سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی دیاری دەکات.ئەو کوشتن و سوتاندنانە نەبوو کە لەسەردەمی یەکەمین خەلیفەی دوای پێغەمبەر بەجیاوازتر لە ڕابردووی خەلافەت دەستی دایە گەشە کردنی ئەم چەمکە و لەشێوە سادەیەکەوە گۆڕیە شێوەیەکی سیستماتیکی دیاری کراو کەلەپێشدا بەو شێوەیە نەبینرابوو.
درێژە کێشانی ئەم مەیلە ئاژاوە گێڕیە کە سەرچاوەکەی کلتوری عەرەبیە بۆخۆی تا دەهات لە ئامانجەوە دەبووە ئامرازی گرتنە دەستی دەسەلآت و دەرەنجام بووە یەکێك لە پایە گرنگەکانی سیستەمی دەسەلآتداریێتی و بەڕێوەبردن و ئیعتیباراتی خۆی هەبوو.تا ئەو کاتەی کە ئیتر کێشمە کێش و ململانێکان گەشەیان کردو بوونە هەنگاوی سەرەتایی لەسەرهەڵدانی شەڕو ئاژاوە .وەك شەڕو ئاژاوەی نێوان تاکە دەسەلآتدارەکانی سەردەمی خەلافەت و کێشمەکێش و تەنگەژەکانی سەفین و جەمل و نەهرەوان و......هتد.کە هەریەکەیان بۆخۆیان زیاتر و زیاتر بنەماکانی ئەم چەمکەیان گەشە پێدەداو دەیانکردە سترۆکتۆری پنتەڕیشەیەکانی ئاڵوگۆڕی دەسەلآت.دەبینی کاتێك ئەبولعەباسی سەفاح وەك خەلیفەیەکی ئیسلام دەوڵەتی عەباسی دادەمەزرێنێ.لە پێناو قایم کردنی ئەم فۆرمەداو بەسود وەرگرتن لە ڕابردووی و ڕاهاتن لەسەر نەریتی ئاژاوە دەست دەکات بە هەڵدانەوەی گۆڕی خەلیفە ئەمەویەکان و دەرهێنانی تەرمەکانیان و دواتر هەڵواسینی ئێسك و پروسکەکانیان لە شوێنە گشتیەکاندا.لەبەرامبەریشداسەفەویە شیعەکانیش بەهەرجێگەیەکدا ڕۆیشتبن هەوڵیانداوە ئازاری خەڵك بدەن و ئاژاوە بنێنەوە.عوسمانیەکانیش بۆ بەرجەستەکردنی ئاژاوەو دواتر کۆنترۆڵ کردنی ماڵی خەڵکیان بە تاڵان بردووەو خەڵکیان بەئەنقەست کوشتووەو ئازاری دانیشتوانی دێهاتەکانیان داوەو شارستانیەتەکانیشیان بەبێ هیچ بنەمایەك جێلەق کردووە.ئەمەش بەپشت بەستن بە سترۆکتۆرە ڕیشەیەکانی سیستەمی خەلافەت و ئەو کلتورە ناسەقامگیرە ئاژاوە خوازەی کە سەرەتاکانی عەرەبی لێ بەرهەم هاتووە.

## لێکدانە کلتوورییەکان وئاژاوەگێڕی

بەبڕوای زۆر لەبیرمەندانی بواری سۆسیۆلۆژیا ململانێ کەلتوریەکان و پرۆسەکانی گەشەکردنی یەکێکە لەو مەسەلە هەستیار و مەترسی دارانەی کە بەشێوەیەکی گشتی لەسەدەی هەژدەیەمەوە سەری هەڵداوەو بوەتە سترۆکتۆری ئیشکالیەتی کۆمەڵگا جیاجیاکان و ئەو تایبەتمەندیانەی کە پێکهاتەی گشتی کۆمەڵگا دیاری دەکات.ئەزموونی ململانێ و کێشمەکێشە کلتوریەکان لە ڕابردووی جیهاندا بە چەندین فۆرم و مۆدێلی جیاجیادا گوزەری کردوەو بەشێکی دیاربووە لەسەر ئاستی گشتی،واتا هەریەك لەو فۆرم و مۆدیلە کلتوریانەش کاریگەری و قورسایی خۆیان هەبووە بەسەر کۆی کایە جیاجیاکانەوە و هۆکاری ڕاستەوخۆبوونە لەبەرجەستەبوونی ئاژاوەو نائارامی لەفۆرمی ڕێکخستنی کۆمەڵگاکاندا و دەرەنجام پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزو لێك ئاڵسکاوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری لێکەوتۆتەوە و بۆتە مەسەلەیەکی وا کە چارەسەرکردنی و ڕاگرتنی فرە تەنگەژاوی بێت.چونکە مێژووی دەستنیشان کردنی کلتور لەخودی کلتورێکی تردا بۆخۆی یەکێك بووە لەو مەیلە مێژینە کۆمەڵایەتیانەی کەلە پێکهاتەی کۆمەڵگا جیاکاندا کاری لەسەر کراوە.کار لەسەر کردنیشی پەیوەست کراوە بەسڕینەوەی کلتوری بەرانبەر و زیندو کردنەوەی ئەوەی خۆی یان ڕاستر بێژم کلتورێك لەکۆمەڵگایەکدا کراوەتە کلتوری

پشتاوپـشت و خـاوەنی ڕاسـتەقینەی لێ بـەدەرنراوە بـۆ نمونـە لـەوڵاتێکی وەکـی عێراقـدا کـە لەهـەمان ئیشکالیەتدا دەژێت.کلتوری سـۆمەری و ئەکـەدی و بـابلی کراوەتـە کەڵچەری کلتـوری عـەرەب و بـاوانی عەرەبی عێراق و تـەواوی ئـەو نەتـەوەو کەمـە نەتەوانـەی کەلـە پێکهاتـەی ئـەم کۆمەڵگایـەدا دەژیـن و هەریەکە خاوەنی کلتوری تایبەت بەخۆیانن،مێژووی هێزە سیاسیەکان و بزاوتە کۆمەڵایەتیەکانیش لـە عێراقدا ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن و هەریەکە هەڵگری جۆرێك لەتێڕامان و ورد بوونەوەیـە بـۆ پێکهاتـەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەکەی و ئەو ململانـێ و کیشمەکێشانەی کەلەچـەند سـەدەی ڕابـردووەوە تائێـستا درێـژەیان هەیـە،خۆیان لـە کـورد و عـەرەب و ئاشـوری و ئەرمـەنی و تورکمـان و.....هتـد دا دەبیننـەوە گـەواهی ڕاسـتی ئـەو ململانـێ ئـەتنیکی و مەزهەبیانـە دەدەن و نـاتوانرێ هـەروا بەئاسـانی پـرۆژەی یەکخستنی فۆرمی کۆمـەڵگا بخرێتـە ڕوو هـەر ئەمەشـە وادەکـات کـە عێـراق هـەر لەسـەرتای دروست بونیەوە لەبەردەم ترسی هەڵوەشاندنەوەدابێت و نـەتوانێ بەشێوەیەکی بابەتیانـە کـار لەسـەر سـترۆکتۆری سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئـابوری و کلتـوری هاوبـەش بکـات و ڕێگـە خۆشـکەر بێـت بـۆ بونیادنانی دەوڵەتێکی سەرکەوتووی تۆکمە کەلەتوانایدا بێـت ژیـانی پێکـەوەیی هەڵبـژێرێت و ببێتـە نمونەی پێکهاتەیەکی لەیەکگرێ دراوی بابەتیانە ئەو لێکدانە کلتوریە وای کرد تاك و گروپـە ئـەنتی و مەزهەبیەکانی نێو ئەم پێکهاتەیە لە ئیشکالیەتێکی هێندە سەختدا بژین کە دواتـر تـرس و تۆقانـدنی لێ بکەوێتـەوە و بـاجی ئـەو لێکدانـە کلتوریـە بدەنـەوە کـە بـەریتانیا لەسـەرتاکانی سـەدەی بیـستەمدا عێراقـی لەسـەر بونیـاد نـا.بێگومـان دامەزرانـدنی دەوڵـەتی عێـراقیش هـەر لەسـەرەتاوە و پێکـەوەنانی لەلایەن زلهێزەکانی ئەو کاتەوە کە بـەریتانیا ڕابەرایـەتی دەکـرد و پارچـە پارچـە کردنـی کوردسـتان و شێواندنی باری جوگرافیاو گۆڕینی دیمۆگرافیـای ناوچـەکە بۆخـۆی بەشـێکی تـرە لەزینـدو کردنـەوەی تـوخم و ڕەگـەزەکانی ئـاژاوە.چونکە عێـراق وەك دەوڵـەتێکی پێکـەوەنراو لـە کـورد و عـەرەب و وردە نەتەوەکانی تر بۆخۆی دەوڵەتێکی ئاژاوەیەو هەڵگری جۆرێکە لـە ڤایرۆسـی ئـاژاوە لەسـەر سـترۆکتوری ئاژاوە بونیاد نراوە و دەوڵەتێکە لەسەرەتای دروست بوونیەوە گرفتاری کۆمـەڵێك لایـەنی ئـاژاوە گێـڕی بوەتەوە چونکە ئەم کۆمەڵگایە لەچەندین ئەتنیك و کولتوری جیاواز جیاواز بەیـەکتر پێکـەوە نـراوەو لە پێکەوەنانیشیدا وەك عێراق بەردەوام گیرۆدەی ئاژاوەگێڕی ئەتنیکی و کولتوری و مەزهەبی بووە.

دیارە عێراق لەم ساتە ئاژاوە گێڕیە بەدوا بۆخۆی بووە پانتایەك لـە ململانـێ و کێشمەکێشی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئـابوری و لەولاشـەوە کـپ کـردن و خنکانـدنی دۆخـی نـاوخۆی کـە زیـاتر بـەلای ئینگلیزەکانەوە مەبەست بووە.چۆن ئێستا ئەمەریکا لەچوارچێوەی پرۆژە سـتراتیژیەکەیدابۆ ناوچـەکە دەیەوێ هەرچۆن بێت وا پیشان بدات کە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایـەتی و ئـابوری عێـراق ئاسـایە.ئـەو ساتە مێژوویەش بەریتانیا دەیویست وا پیشان بدات کە عێراق یەك گەلە و یەك نەتـەوەو بیروبـاوەڕ و ئامانج و هیچ گرفت و ئیشکالیەتێك نی یە لەسەر ئاستی گشتی پێکهاتەی کۆمەڵگا.

ئـەم نـەبوونی ئیـشکالیەتە لەسـەر ئاسـتی دەرەوە ئاژاوەیـەکی تیـا بـەدی نـەدەکرا و ببـوە ئەفـسانەو موعجیزەیەك لەسەر دەستی ئینگلیزەکان و دنیای عەرەبیش لەولاوە کاری لەسەر بەعەرەب کردنی ئەم لێك گرێدانە نالۆژیکیە دەکرد و بەردەوام بووە لەپەرەپێدان و بـەهێز کردنـی پایـەکانی ئاژاوەدا...واتـا ئاژاوەو سترۆکتۆرەکانی ئاژاوە لەم نیشتیمانە چەند پارچەیەدا بەردەوام بوونی هـەبوەو بـەدەر نـەبووە

لەڕیشاڵەکانی چەمکی ئاژاوەو ئیشکالیەتەکانی کە جۆرێکن لە نا سەقامگیری پێکهاتە گشتیەکانی کۆمەڵگاو شۆڕبوونەتەوە بەنێو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانداو ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریگەریان هەبووە لەسەری.دیارە جگە لە گروپە ئەتنی و مەزهەبیەکانی تر، کورد بە پلەی یەکەم باجی ئەو کلتورە نا بابەتیەی بەچەشنێك دایەوە تا ئاستی جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی و ڕاگواستن و دواجار و لەترۆپیکیشدا ئەنفال و زیندە بەچاڵ کردنی هەزاران هاوڵاتی سیڤل کە جگە لە ئینتیمایان بۆ کلتورو زمانیان هیچ تاوان و گوناهێکیان نەبوو.

لەلایەکی تریشەوە ئیشکالیەتی ئەم لێکدانە کلتوریە پەیوەندیەکی ڕاستەخۆی بەستراتیژی سیاسی کۆمەڵگاوە هەیە و ئەویش لەخۆیدا هەڵگری فۆرمی باڵادەستی و فرە نەتەوەو کلتوری دیارەو بەبێ گەڕانەوەش بۆ پرەنسیبی ئەو باڵا دەستیە ناکرێ ئیشکالیەتی فرە کلتوری نەخوێنینەوە چونکە لەونێوانەدا کلتوری سەردەست سەرهەڵدەدات و دەکەوێتە هەوڵی قوتدان و لەنێو بردنی بەرانبەرەکەی کە لاوازو کەم توانایە و لێرەوە پرۆسەی توندوتیژی و ئاژاوەگێڕی بەمانا گشتیەکەی سەرهەڵدەدات و دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆئەوەی جیاوازیە کلتوری و ئەتنیەکان بسڕێتەوەو لەیەك کلتوری کۆمەڵگادا بیانتوێنێتەوەو خۆی ببێتە دەم ڕاستی گشتی،لەمەیشدا دیسان نمونەی عێراقمان لەبەردەستە کە لەچی هەولێکدا بوو.لەم پرۆسەیەدا گەر کلتوری سەردەست وەك لە ئەڵمان گەیشتە ئاستی هۆلۆکۆست و تورکیاو عێراقیش درێژەیان پێدا سەرکەوتن بەدەست نهێنی چەمکی ئاژاوە درێژە دەکێشێ و ئارامی و سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی ناتوانێ خۆی بسەپێنێ و ببێتە ئەلتەرناتیڤی ئاژاوەگێڕی و ترس و تۆقاندن کە ئێستاش لەو وڵاتانەی ناومان هێنان بوونیان هەیە.

## ئەنفال لە نێوو

## کۆنترۆڵی ئاژاوەو سەرهەڵدانی ئاژاوەدا

وەك سەرەتا ئاماژەمان پێدا لەکۆمەڵگا فرە ئەتنی و کلتوریەکاندا ئاژاوە وەك فۆرمێکی ململانێ هەمیشە لەسەرهەڵدان و دروست بووندایە و لەهەر چرکە ساتێکدا کایەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ بخولقێ ئەو هەڵدەتۆقێ و دێتەوە مەیدان، چونکە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا کلتوری باڵادەست بەردەوام لەهەوڵی کۆنترۆڵکردن و دیسپلین کردنی ئەوانی تردایەو دەیانەوێ بیانسڕێتەوە.یان ڕاستر کلتوری سەردەست دەیەوێ لەڕێگەی گوتاری سەردەستی خۆیەوە ئەو کۆمەڵگا فرە ئەتنی و کلتوری و مەزهەبیە بخاتە نێو بازنەی شوناسی گشتی یەوەو دایان ماڵێ لەوەزیفەی خۆناسی و ئاشنا بوون.دیارە ئەمەش دیسان لەمندالانی خۆیدا دەبێتە هەڵگری جۆرێك لەڤایرۆسی ئاژاوەو بەئاسانی لەنێو نابرێ-یان بەپێچەوانە لەسەرەتای پەیدا بوونیەوە ئەو توخمەی تیا مۆتربۆ دەبێ و لەکات و ساتی قۆناغی لەباردا سەرهەڵدەدا.وەك دەبینین ئەم فۆرمە لەسەرەتای دروست بوونی عێراقەوە لەسەردەستی زلهێزەکانی ئەو دەمە،ئامادەیەکی تەواوی هەبووە.بەڵام ئەو زلهێزانە ژیرانەو بابەتیانە لەسترۆکتۆری ئاژاوە گەیشتن و لەڕێگەی بەهێز کردنی هێزەوە کەوتنە هەوڵی بونیادنانی دەوڵەتێکی بەهێز و کارا کە دەشێ هەوڵێك بێت بۆ بەهێزکردنی پێگەو مەقامی خۆیان.بەڵام لەپشت ئەم کارلێکە تۆکمەیەوە ئەو ستراتیژیان دیاری کرد کە پڕبێت لە فۆرمێکی دیاری کراوی بەهێز.چونکە بەڕوای ئەوان

دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز لەو دۆخەدا گەرانتیە بۆ پاراستن و بەرفراوانتر کردنی شوناسی ئەو پێکهاتە ئیداریەو دەتوانرێ لەو دەرگایەوە مەسەلە هەستیار و پێویستەکان دەستەمۆ بکرێن و بخرێنە ژێر کۆنترۆڵەوە بەوشێوەیەی کە کلتوری سەردەستی عەرەب دەیەوێ.بەوجۆرە توانرا سەرپێچیە یاسایەکان لەو قۆناغەداو لە هاوسەنگی دۆخی ناوچەکەدا ڕابگرن و ڕێگە نەدەن ئەو فۆرمە کە فۆرمی بەهێز کردنی چەمکی ئاژاوەیە سەرهەڵبدات.ئەم پینەو پەڕۆ سیاسی و کۆمەڵایەتیە لەپێکهێنانی عێراق دا خۆی گرتووەتەوەو بووەفاکتەری بەرجەستەبوونی دەوڵەتی بەهێز کە ئەوان دەیانویست و گرنگیش نەبوو لەپشتی ئەم گوتارەوە چی دەگوزەرێ بەقەد ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگ بوو ململانێی شەرعی پێکهاتە کلتوریەکان بخەنە نێو بازنەیەکی جوگرافی دیاری کراوەوە لەپاڵ ئەمەشداو بە پشت بەستن بەو تێڕوانینە نالۆژیکیەی کە پێی وایە هێز فاکتۆری بەرجەستەکردنی مۆدێلێکە بۆ سەقامگیری دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی،عێراق کەوتە نشونما و خۆبادان تا ئەندازەی دروستکردنی هێزی مەشقکراو و تۆکمە و هێز لە سیستەمی نوێی سیاسیدا بووە فریادڕەس و پارێزەری ململانێ و کێشمەکێشە ئەتنی کلتوری و مەزهەبیەکان و ئەو بابەتگەلەی کە لەم نێوانەدا بەرجەستە بووبوون و بەسەرچاوەی مەترسی دەژمێردران لەبەرانبەر دۆخی ئامادە بوو.بەڵام ئەم ئەجێندا زیندووە هێندەی نەخایاند بووە مایەی بەرجەستە کردنەوەی ئەو فۆرمەی کە ئاژاوە دەناسێنێت و لەیەکەم خولقانیشیدا کودەتای 1936ی لێکەوتەوە کەلەنێو خودی هێزی ئەلتەرناتیڤی ململانێکانەوە سەرچاوەی گرت.دواتر هەر بەماوەیەکی کەم جارێکی تر ئاژاوە سەری هەڵدایەوەو بەدرێژایی ساڵانی (1937-1938-1941)لەبازنەی کودەتاو ململانێ و تەنگەژە ئەتنی و مەزهەبیەکاندا بەردەوام بوو.لەودەمەوە تا ئێستا کەرنەڤاڵی ململانێ و کێشمە کێشە کلتوری و کۆمەڵایەتی و ئەتنیەکان لەپانتایی گۆڕەپانی سیاسی عێراق دانەبڕاوەو بەردەوام بووەو هەرکەس هاتووە کاری لەسەر ئەو سترۆکتۆرە کردووە کە پێشتر بەخشرابووە هێزو پایەکانی هێز لەپاراستنی ڕێکخستنی کۆمەڵگادا و بە ئەلتەرناتیڤی بنەڕەتی دەژمێردرا کە بۆ کۆنترۆڵکردن و قایم کردنی سیستەمە ئیداریەکە کە کلتوری عەرەب وەك کلتوری سەردەست بەڕێوەی دەبرد.

سەقامگیری دۆخی سیاسی لەو دەمەداو دواتریش تەنها لەوچوارچێوەو بازنەیەدا سوڕاوەتەوەو جگە لەوە هیچی تر نەبووە.بەنەبوونیش چەمکی ئاژاوە هەمیشە هاوئاهەنگ بووە لەگەڵ فۆرمی هێزداو چارەسەر و بنەبڕکردنی گرفتەکان لەو ستراتیژە سەربازیەوە بووە کە هێز لەیەکەم چرکە ساتی سەرهەڵدانیدا پێی بەخشراوە.ڕاستر لەوکاتەی مەسەلەی شەرعیەتی دەسەڵاتداری دەوڵەت لەپێکهاتەی گشتی کۆمەڵگادا ڕەواجی هەیە ئەم ستراتیژە هۆکاری بنەڕەتیە لەبەهێزکردنی کلتوری سەردەستداو بەچەندین شێوە وەزیفەکانی ئەو کلتورە کاری لەسەر کراوە و مەسەلەی سەروەری یاساو ڕێساکانی دەوڵەت لەسەر نەخشەی گشتی دەسەڵاتدا کرابووە بنەمای خولقاندنی سیستەمە سیاسیەکە.درێژەدان بەم ئاکارە لەشکریە عێراقی لە دەوڵەتێکی فرە ئەتنی و مەزهەبیەوە گۆڕیە دەوڵەتێکی تاك ڕەهەند و یەك شوناس و تەواوی لێکدانەوە جیاوازەکانی لەخۆیدا تواندەوە.وەنەبێ ئەمە تەنها لەسەردەمی بەعسدا هاتبێتە بەربگرە لەپاشایەتیەوە تا دەگاتە سەدام و بەعس دەسەڵاتدارێتیە سیاسیەکانی عێراق بەردەوام لە پەیجوری ئەوەدابوونە کە چۆن کار لەسەر بنەمای لەوچەشنە بکەن و بیکەنە میراتی لە

بەرجەستەکردن و سەرخستنی ئەو کلتورەدا کەلەنێو بازنەی لێکدانەوەکاندا ڕۆڵ و کارای خۆی بگێڕێ و وێنەیەکی کۆلاچەکراوی نمونەی ناوچەکەبن لەچەسپاندنی هێزدا.دیارە لەهەرجێگەیەکیش هێز جڵەوی تێڕوانینی گرتە دەست ئاژاوەو کێشمەکێشەکان زیاتر لەبرەودا دەبن و ناتوانرێ بەشێوەیەك لەشێوەکان لەنێو ببرێ.نەشونما کردنی ئەم پشت و پەنا ئایدۆلۆژیەش لەدواجاردا بەعس و سەدامی بەرهەم هێناو ئەوانی کردە دەمڕاستی ئەو قەڵەم ڕەوە کلتوریەی کەلەڕابردوودا ئەبولعەباسی سەفاح کاری لەسەر دەکرد.

لێکگرێدانی چەند بنەچەو وەچەیەکی ئایدۆلۆجی تۆتالیتاری کەوەزیفەکانی سیستەمی کۆنترۆڵکاری جێ بەجێ دەکات و وێنای سیستەمە تۆتالیتارەکان بەشێوەیەکی بابەتیانەو دەقاودەق دەگوازێتەوەودواجار بەعس بەرهەمی دێنێ و لەو وەبەرهێنانەشدا خودی بەعس هەر لەیەکەم چاوتروکانیدا دێت و لەفۆرمێکی نوێی جەحێڵی تۆتالیتاردا وەزیفەکانی ڕابردووی سیستەمی سیاسی عێراق پڕدەکاتەوەو بێهیوا نابێ لەوەی کە ئەوڵچکەرە کلتوریەی ئەم کاری لەسەر دەکات ژێر کەوێت و بپوکێتەوە بۆیە دەبینین هەمیشە بەعس کاری لەسەر ئەو توخمە دەکرد و دەیویست دواجار هەموو مەسەلەکانی پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە بخاتە ژێر چاودێری و دیسپلینی خۆیەوەو ڕێگە نەدات بەوەی کارکردەی تاکەکان ئاراستەیەکی جیاواز و دژ بگرێتەبەر ئەم ئاژاوە گێڕیەی بەعس لە کۆمەڵگادا گەورەترین ئیشکالیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری لەسیستەمی بەڕێوەبردندا بۆ خولقاندبوو.

چونکە بەعس دەیویست لەورێگەیەوە کۆمەڵگایەك لەبەعس بەرهەم بێنێ و بۆئەمەش تادەهات ترس و دڵەڕاوکێی لەنێو خەڵکدا دروست دەکرد و ڕەوتی هەڵسوکەوتی دەگۆڕی و فۆرمە شمولیە تۆتالیتاریەکەی توندتر دەکردەوە.ئەم ستراتیژە ترسناکەی کەبەعس پەیڕەوی لێدەکرد بۆ کپکردنەوەی نەیارەکانی لەبازنەی ئاژاوەدا لەقۆناغی مومارەسە کردنی کوشتنی بەکۆمەڵ و تاقیکردنەوەی چەکی کۆکوژ و دواجاریش جینۆساید و ئەنفال کەبۆخۆی ترۆپکی تاوانەکانی ئەو سیستەمە شمولیە دەگەیەنێ و کامڵ ترین ئاستی تەمەنی دیکتاتۆریەت دێتە هەژمار لەمێژووی تاوانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دا..

ئەم سیستەمە تۆتالیتارە هەمیشەو لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە کاری لەسەر ئەو پنتە کلتوریە ئاژاوەگێڕیە کردووە کە لەڕابردوودا خێڵە عەرەبەکان وەك میراتیەك نەوە بەنەوەیان سپاردووەو هۆکاربووە لە مانەوەو خۆپاراستنیاندا و بەردەوام کاریان لەسەر کردووە.بەعسیش لەیەکەم هەنگاویدا ئەوتێڕوانینە ژەنگاویەی بەبیری خۆیدا هێنایەوە کە دەبێ ئەو وەك ئایدۆلۆژیایەکی لێکدراوی بکەر ڕۆڵی کارا بگێڕێ لەزیندوو ڕاگرتنی ئەو نەریتە کلتوریە ئاژاوە گێڕیەی کە عەرەبی پێ ناسراوەتەوە و بۆتە شوناسی ئەو نەتەوەیەو لەئێستاو ڕابردووشدا دووبارە دەبنەوە، بەوپێیەی ئەو کلتورە لە ڕۆژی خۆناسیەوە واهەستی کردووە جگە لە ئەو هیچ هێز و شوناسێکی تری کلتوری بوونی نی یەو گەر هەشبێ هێزی پاڵنەرو کارا نیە بەو ئاستەی کە ئەمان هەیانە.گەشەی تاك خێڵیش فاکتەرێکی بەهێز بوو لەوەی کە بەعس بیر لەتاك حزبی و تاك ڕەهەندی دەسەڵات بکاتەوە.چونکە بەبڕوای بەعس تەنها تاك حزبیە دەتوانێ کۆنترۆڵ و دیسپلینی ئاژاوە بکات بەو لێکدانەوەیەی کە ئەوان هەیانە بۆ لێکدانە

کلتوریـەکان و مـەغزای بەرجەسـتەبوونی ئـاژاوە.تـاك حـزبیش لەخۆیـدا هـەڵگری بیرۆکەیەکـە کـە بنەماکانی لەنێوجەرگەی تۆتالیتاریەت و دیکتاتۆریەت وئاژاوەوە سەرهەڵدەدات و ئەوەشی بـەدژی ئـەم بیرۆکەیە کار بکات ئەوە جگەلەلەنێو بردن هیچ ڕێگەچارەیەکی تری نـی یـەو نـابێ بەسـانایی لەپـشتی ئەوەوە کار لەسەر تەوزیف کردنی دید و تێڕوانینـە کلتـوری و مێژوویـەکانی بکات کـە تیایـدا نـەفل و غەنیمەی لێ وەبەرهات.

## عێراق لەبەردەم هەڵوەشاندنەوەدا

کەڵەکـەبوونی ئـاژاوەو توخمـەکانی لـەنێو پێکهاتـەی گـشتی کۆمـەڵگای عێراقـدا بوەتـە یـەکێك لـەو هۆکارانـەی کـە بـەردەوام ئـەو کۆمەڵگایـە لـەلێواری هەڵوەشـانەوەدا بێـت و نـەتوانێ بەشـێوەیەك لـە شێوەکان لەنێو پانتاییەك لەسەقامگیریدا بژێت.چونکە عێراق وەك لەسەرەتا ئاماژەمان پێدا دەوڵەتێکە هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە گیرۆدەی کۆمەڵێك ئـاژاوەی ئـەتنی و کلتـوری و مەزهـەبی بـووە لـەو مێژووە بەدوا ئاژاوە ڕیتم و ئیقاعی خۆی وەرگرتووە و هەرکەس هاتۆتە سەری بـۆ ژەنینـی هەوڵیـداوە وا پیشان بدا کە ئەم کۆمەڵگایە لەفەزایەکی یەجگار ئارام و بێدەنگدا دەژێت و هـیچ جـۆرە ململانـێ و کێشمەکێشێکی تیـانی یـە و بگـرە پێچەوانە بـەو دیـد و تێڕوانینانـەی ئـەم کۆمەڵگایـە لەیـەك گـەل و نەتەوەو مەزهەبدا کۆبووەتەوەو هەڵگری یەك ڕوئیای نیشتیمانی و نەتەوەی یە. واتا گەر کـەمێك ورد لەم مەسەلەیە بڕوانین دەبینین ئاژاوە مەلیك بـۆ مـەلیك و دەسـەلات بـۆ دەسـەلات ئـاڵوگۆڕی بەسـەردا هاتووەو دەرەنجام بۆتە بناغەو زەمینەیەکی گرنگ بۆ گرنگیدان بـەنائارامی و ناسروشـتی بـوونی ژیـان لـەنێو یەکـەی گـشتی کۆمـەڵگادا و ڕۆڵێکـی نەگـەتیڤی گێـڕاوە لـە ئاراسـتەی ململانـێ و تینـی ناکۆکیەکاندا.ئەمەش وای کردووە بەعس وەك ئایدۆلۆژیایەکی بێ بنەچەی بان عەرەبی و بەپـشتیوانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەست بگرێ بەسەر ڕوبەرێکی زۆری ووشیاری کۆمەلایەتی کۆمەڵگای عێراقیداو ڕەوتـی کارکردنیـان بگـۆڕێ بـۆ ڕەوتێکـی ئـاژاوەگێڕی تونـد و مەترسـیداری وا کـە زۆر لـە ڕۆشـنبیرانی عێراقی و عەرەبی لەدیاری کردنی نیشتیمانی عەرەبدا هیچ بۆ کلتـور و کلتورزاکـانی تـری تێکـەڵ بـەو سنورە جوگرافیا دەستکردەی نیشتیمانی عەرەبی ناهێڵنەوەو پێیان وایە جگە لەعەرەب کەسـی تـر لـەو پێکهاتەیەدا ناژێ.ئەوەتا(ساطع الحصري)کە ڕۆشنبیرێکی عەرەبی دیارە پێـی وایـە سـنوری جـوگرافی ئەو نیشتیمانەی ئەوی لێ بەرهەم هاتووە لەچیاکانی زاگرۆسەوە دەست پێدەکات وتەنانـەت بەشـێکیـشی تێکەڵە بە نیشتیمانی فارسەوە.

ئـەم تێڕوانینـە نالۆژیکـە تـەنها لـەو پیـاوەدا کۆنەبووەتـەوە و بگـرە مـەحمود دەروێـشی شـاعیری فەلەستینیشی گرتۆتەوە کاتێك دەڵێت من جگە لە نیشتیمانی عەرەب شیعر بۆ کەسـی تـر نانوسـمەوەو ئەوەشـی لـەڕابردوو نوسـیومن مـوڵکی مـن نییـە. تەفـسیر و شـرۆڤەکردنی ئـەم تێڕوانینانـەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوا کۆنکرێتیەی کە فاکتەری پلە یەك لەبەرهەم هێنانی ئەو جۆرە ڕۆشـنبیرانەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سترۆکتۆرە ڕیشەیانەی کەلە کلتوری عـەرەبی و دواتـریش ئیـسلامەوە سەرچاوەیان گرتووەو ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ڕۆڵیان هەبوە لەپـەروەردەکردنی نەوەکانـداو بـە کورتی تارماییـەکی ئاژاوە گێڕی یە بەسەر کۆی ژیـانی پێکهاتـەی کۆمـەڵگای عەرەبیـەوە و رزگـار بـوونیش لێـی دەرچـوونە لەسنورەکانی ئەو تارماییەی کە درێژەی بە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی بەعس دەدا..

دیارە ئەزموونی دەسەڵاتداریێتی بەعس کە لەتەواوی کون و قوژبنەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا چێ کرا بوو هەمان ئەو ئەزمونەیەکە لە رابردوودا بە کۆمەڵێك مەیلی ئاژاوەگێڕی مەترسی دار لەسەر دەستی خەلیفەکان مومارەسە دەکرا و هەریەك لە و مەیلانەش لە هەوڵی فۆرمەڵە کردنی خۆیدابووە. بۆ نمونە بیری سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعە لە رابردوەوە تا ئێستا لەبەردەم رەواج پێدانی ئیمام و مەرجەعدان و کار لەسەر راگرتنی ئەو پایەو مەیلە ئاژاوەگێڕی یە دەکەن و لەبەرانبەریشدا ئاژاوەگێری مەزهەبی سوننەش هەڵقوڵاوی هەمان مۆدیلەو لەسەرهەمان ریتم و ئیقاع رێدەکەن و بڕواشیان بە یەکترنییە . چونکە شیعە لە خاڵی بڕیاردا پشت بە ئیمام و مەرجەع دەبەستێ و لەلای ئەوان ئیمام و مەرجەع کاریگەریەکی بەهێزیان هەیە بەسەرکۆی پێکهاتەی شیعیەوەو فتوایەك دەتوانێ کار لەسەر بەرزترین ناوەندی بڕیاربکات و ئەفسانەیەك بکاتە پێوەر لە مامەڵەکردندا. سوننەش لە تەوزیف کردنی مەزهەبی خۆیدا بۆ سەرکۆی پێکهاتەی گشتی کۆمەڵگا دابەش دەکات بەسەر دوو مەیلی لە یەکگرێ دراودا و پێی وایە هەرچی لەدەرەوەی بازنەی سوننە بژێت جاهیلەو خودی سوننەکانیش ئیسلام و خاوەن بڕوا. بێگومان ئەم دوو تێزە مەترسی دارە هۆکاری پلەیەکن لە گەشەکردنی ئاژاوەداو بە درێژی مێژو ناکۆك و ناتەبا بونەو ئەو خۆی بە ئەلتەرناتیڤی ئەوی تر داناوەو تارمایی هەمان کلتوریان بەسەرەوەیەکە بەعس کاری لەسەر دەکرد. ئەوە کوشت وبڕو وسەرپەڕاندنەش ئەمرۆدەیبینین لە عێراقدا ، هەمان ئەوکردە تیرۆریستیەیە کە پێشتر لە نێوان خێڵە عەرەبەکاندا رویدەدا ودواترگوێزرایەوە بۆ نێوودەقە ئاینیەکان ولەوێشەوە ململانێ وکێشمە کێشە مزهەبیەکانی بەدواداهات کە تائێستاش لەسەرئاستی دنیای ئیسلامی وعەرەبی کاریگەری خۆی هەیە وساڵانە سەدان کەس دەکوژرێن ودەبنە قوربانی ئەو ململانێ وبگرەو بەردە مەزهەبیە . کارە تیرۆریستیەکان و کێشمە کێشی نێوان باڵە مزهەبیەکان لە عێراقدا وەك
توخم و رەگەزێکی بەهێز دەنگی ئاژاوەگێڕی و ئەفسانەی خێڵەکیشی بەرزکردۆتەوە و بوەتە بەشێکی گرنگ لە زیندو کردنەوەی خێڵگەرایەتی و بە هەموو لایەکدا هەڵبەزو دابەزیانە لەسەرئەوەی کە دەکرێ ئەوان ببنە هەڵسوڕێنەری سیستەمی سیاسی دەسەڵات و ئەو سترۆکتۆرانەی کە لەم نێوانەدا کاریان لەسەر دەکرێت، چونکە ئەم مۆدێلەی کە لەعێراقدا بەدی دەکرێت لەسەر رێچکەی سیستەمی دەسەڵاتداریێتی مەلیکی بەڕێوەدەچێت و تەواوی مەسەلە پەیوەندی دارەکانی ژیانی خەڵك دەبەستنەوە بە خوێن و دەمارەوەو ئەمەش لەرابردوودا لە عێراقدا ڕۆڵی هەبووە و رێکخەری پەیوەندی تاکەکان بووە.لاوازی وشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسیش لەئەدا کردنی مەسەلە هەستیارەکاندا بۆخۆی هێندەی تر رێخۆشکەرە بۆ گەشەکردنی ئەم مەیل و لێکدانەوە نالۆژیکیانەو لەکەمترین ئاستی بیرکردنەوەشدا ئەم پێکهاتانەی کەهەم لەمنداڵدانی کلتوری عەرەبی و هەم لە مەقفەسی بەعسەوە سەریان هەڵداوەو خاوەنی هیچ تێڕوانینێکی ئەقڵانی و مەعریفی نین و ناتوانن ئاراستەی بیرکردنەوەیان بەلایەکی لێکدانەوەکاندا هەڵسورێنن و ببنە بەدیلی کۆتایی ئاژاوەو کێشمەکێشەکان و بگرە بەپێچەوانەش پرسی مەترسیەکی گەورەن لەعێراقی ئێستاو داهاتوودا.چونکە ئەوانەی لە ئێستادا گەمارۆی دید و تێڕوانینە ئەقلانی و مەعریفیەکانیان داوە لەهەوڵی دروست کردنەوەی پێکهاتە شێواوەکەی ڕابردوودان و نەتەوەو کلتوری عەرەبی بەهەمان فۆرم و ناوەڕۆکەوە دەبینن و دەیانەوێ لەسەر هەمان ڕیتم و

ئیقاعی پێشوو خۆیان لەسەر ئەرزی واقیع تەوزیف بکەنـەوەو لـەزۆر شـوێن و جێگاشـدا بـەڕوونی ئـەم مەسەلەیە دەدرکێنن و کاری لەسەر دەکرێ. بۆ تەجاوز و پەڕدانی ئەم لێکدانـەوە ئاژاوەگێڕیانـەش کـە ئەگـەری سـەرلەنوێ سـەرهەڵدانەوەی هەیـە لـە پێکهاتـەی سیاسی و کۆمەڵایـەتی و ئـابوری عێـراق دا پێویستە بەئاراستەی کوێر کردنەوەی ئەو کلتورە مەترسی دارە کاربکرێت کە ڕۆڵ و کاریگەری هەبووە و هەیـە لەسـەر ئاسـتی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و یاسایی و پـەروەردەی گـشتی تـاك و گروپـەکانی نێـو پێکهاتەکەو بـەردەوام بـە فـۆرم و نـاوەڕۆکی جیاجیا کـاری لەسـەر کـراوە.لەلایـەك بەرجەسـتە کردنـی زۆرەملێی لێکدانی کلتورەکان.لەلایەکی تریش گەشەدان بە کلتوری ئەتنیکێکی دڕندە و مەترسیدار.ئەم دوو تیزە لەیەك پێکهاتەی لێکدراودا بۆخۆی مەسـەلەیەکی نـاجۆرە و تـەواو پێـچەوانەیە بەسیـستەمی دیموکراسی و ئەو هەوڵانەی کە بانگەشەی بۆ دەکرێت لە عێراقدا، بۆیـە بڕواناکـەم لەکـەمترین ئاسـتدا ئەگـەرێك هـەبێت بـۆ جارێکی تعـر پێکـەوە ژیـانی کلتـوری ئـاژاوەو ئـەو فۆرمانـەی کەلـە کلتورەکـانی دەرەوەی ئەم کلتورەدایە.چونکە مەحاڵە بەبێ دەرکردنـی کلتـوری ئـاژاوەگێڕی بتـوانن بـاس لـە پنـت و بنــەماکانی سیـستەمی دیموکراسـی و بـەهێزکردنی پایـەکانی کۆمـەڵگای مـەدەنی بکـەین کـە مـەرجی بنەڕەتین لە دروست بوونی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بێ ئـاژاوەدا. کەچی بـەبێ گەڕانـەوە بـۆ ئـەم سـەرەتا گەلـە مەترسـی دارەی کەلەپێکهاتـەی کۆمـەڵگای عێراقیـدا ڕەنگـی داوەتـەوە جـارێکی تـرو لـەکلتوری دابەشـکردنی کانتۆنـەکانی دەسـەڵاتدا کەدەسـتورە هـەمان مەسـەلە خراوەتـە نێـو چوارچێوەی بەنـدە یاسـایەکانەوەو کـار لەسـەر تـەوزیف کردنـەوەی دەکرێـت بـەوەی ئیـسلام ئـاینی فـەرمی دەوڵەتـەو سەرچاوەیەکی سەرەکیشە لەکردەکانی یاسادا و هیچ سنورو بەربەستێکیش نەخراوەتە پێشی کەلەکاتی مامەڵە کردنی جۆرێکی تر لەلێکدانەوەدا ڕێگری لێ بکرێت.بۆنمونە هیچ بەربەستێك نـی یـە بۆئـەوەی ڕەوتێکی ئیسلامی هاوبەش لەدەسەڵات نەتوانێ بەئارەزووی مەیلی خۆی قسە لەسـەر فـەتوا بکات.وەك ئەوەی چەندجارێك لە مێژووی پراکتیزەکردنی ئەو بەندە یاسایانەی دەستوردا بەدی کـراوە بەتایبـەت لەلایەن هەردوو باڵی توندڕەوی شیعەو سوننەوە.هەندێ جار دژبەیەکتر و هەندێکی تریش دژ بەهێزی پێـشکەوتوو خـوازو مـەدەنی و ئـەو پرسـانەی کـە پەیوەنـدی بـەدۆزی کـورد و ڕێگـا چـارەکانیەوە هەیە.چونکە دەبێ ئەو ڕاستیە لەیاد نەکەین کە وەکی ڕابردوو هێـزە ناسیۆنالیـست و ئیـسلام گـەراکان لەهـەوڵی زۆر جـدی و تۆکمـەدان بـۆ بەرجەسـتە کردنـەوەی هـەمان سیـستەمی ڕابـردوو لەمەشـدا مەبەستیانە مەسەلەی کوردو ئەو ئەزمونەی کە دەبینرێت بکرێتەوە بە حیکایەتی جێ بـەجێ کردنـی خاڵە بڕیار لەسەر دراوەکانی دوێنێ کە بەدرێژایی 35 ساڵ و زیاتر جگە لە پاکتاوی ڕەگـەزی و کوشـت و بڕ هیچی تری هەڵنەهێناو بەروبوومی ڕێکەوتن و دانوستانەکان ئەنفال و جینۆساید بوو.

ئەمانەو پرس گەلێکی تریش لەبەردەم ئەو هەوڵانـەدان و دەکرێـت کـار بـۆ نەهێـشتن و لـەنێوبردنیان بکرێت.لەنێو بردنیشیان پەیوەستە بەهوشیاری گشتی و ئەو فاکتەرو بنەمایانـەی کەلـەو نێوانـەدا ڕۆڵ دەگێڕن و هۆکارن لەدیاری کردنی ژیان و فیکری سیاسی و کۆمەڵایـەتی ئـەو کۆمەڵگایـەو دەبـێ وردو بابەتیانە بخوێنرێتەوەو وەك پرۆسەیەك کاری لەسەر بکرێت.چونکە بـەبێ ئەم لۆژیکە کارکردن لەسەر بەرجەسـتە کردنـی کۆمـەڵگای مـەدەنی جگـە لـەململانێ یـەکی هێزەکـان و بـەرپابوونی ئـاژاوەگێڕی ئـەتنیکی و مەزهـەبی هیـچی تـر نـی یـە و بەپێـچەوانە گرفـت و لەمپـەرێکی بەهێزیـشە لەسـەر ڕێـی

چەمکی دیموکراسی و هەوڵەکان بەئاراستەی تەوزیف کردنی، باشترین ڕێگە چارەش بۆ دورخستنەوەی ئەم مەترسیەو هێشتنەوەی لەنێو بوقعەیەکی دیاری کراودا ئەوەیە کە ڕیفۆرمێکی تەواو بکرێت لەپرۆسەی پێکەوە ژیاندا و ئاین و ئاینزاکان نەکرێنە دەم ڕاستی د یدوتێڕوانینە ئەقلانی و مەعریفەیەکان وەك ئەوەی کە ئێستا کەلەدووتوێی دەستوری عێراقدا بەدی دەکرێت و بۆ هەر چرکەساتێك بێت سەرچاوەیە کەلەبەرجەستە کردنەوەی ئاژاوەدا.

## ⋆ سەرچاوە پێویستەکان:


1-ڕەهەند- گۆڤار ژمارە 17/16ل 158-161

2-ئاسۆ/ڕۆژنامە ژمارە 2004/4

3-ڕوانگەو ڕەخنە- گۆڤار ژمارە 2000/2 ل24-25-26

4-حنابطاطو:العراق الطبقات الاجتماعية و الحركات الثورية ..بەرگی یەکەم-بەیروت 1990 ل 21-26.

5-هەمان سەرچاوەی پێشوو/ل45-47.

6- مەدەنیەت-گۆڤار ژمارە/15ل/146.

7-هەمان سەرچاوەی پێشوو ل/146.

8-قورأن الكريم/سورەتی بەقەرە ئایەتی 246.

9- قورأن الكريم /سورەی محەمەد ئایەتی 35.

10-ڕەفیق سابیر/ئیمپراتۆریای لەم/سوید1980 چاپی یەکەم ل 16-21.

11-هادی عەلەوی/مێژووی ئەشکەنجەدان لە ئیسلامدا 1999 ل65-76.

12-هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 64.

13-فواد مەجید میسری/کۆمەڵگا لەسایەی دەوڵەتی خەلافەتدا چاپی دووەم 2002-ل 180-205.

14- بیرو ووشیاری-گۆڤار/ژمارە/1-2002.

15- فەرەج فۆدە/ئیرهاب/چاپی سلێمانی1999،وەرگێڕانی نەهرۆ هەینی ل 25.

16-سەنتەری برایەتی-گۆڤار/ژمارە14-ل53-54.

17-ڕەهەند-گۆڤار/ژمارە 16-17 ل90-91.

18- هەمان سەرچاوە/ل 94-100-104-110.